# ئەزموونی دادوەریم لە پێشبڕکێی ڕۆمان لە شیکاگۆ

د. گۆران سەباح

خانمە ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی ئەمریکی، کارن ڕەسڵ، لە کۆتایی ٢٠٢٣ دا، پێوەندی پێوە کردم و گوتی، «حەزت لێیە بڕیار لەسەر ڕۆمان بدەی، ڕۆمانی ڕووالآنی ئامادەییەکانی شیکاگۆ.» گوتم، بۆ نا، دەرفەتێکی باشە لەو ئەزموونە زۆر شت فێر بم. گوتی سیڤییەکەت بنێرە و یەکەم جار بڕۆ ناو پێشبڕکێی هەڵبژاردنی لیژنەی دادوەران. گوتی «هەرچەندە خەڵکێکی زۆر داوایان پێشکەش کردییە، بەڵام دەرفەتێکی باشت هەیە ناوت وەک دادوەر دەربچێت، چونکە باکگراوندێکی ڕەخنەیی و ئەدەبی باشت هەیە.»

بە ئیمەیڵ پێشکەشم کرد. لە بەهاری ٢٠٢٤، لیژنەی دادوەران ڕاگەیەنرا. سێ دادوەر بوون، یەکێکیان لە شیکاگۆ (ئیڤ ئێوینگ)، دووەمیان لە بەریتانیا (سۆفی ماکنتۆش)، سێیەمیان لە کوردستان (بەندە). هێندەی پێ نەچوو، ئیمەیڵێکی دیکەم لە لایەن شیکاگۆ لیترەری هۆڵ (هۆڵی ئەدەبیی شیکاگۆ) پێگەیشت، کە پێشبڕکێکەی بۆ قوتابییانی ئامادەیی لە شیکاگۆ، گەورەترین شاری ویلایەتی ئیلینۆی ڕێکخستبوو. ئیمەیڵەکە باسی گرێبەستی دادوەرییەکەم بوو. گرێبەستەکە هاوپێچ کرابوو، کردمەوە. بە پوختی باسی ئەرک و مافەکانی من و ئەوانی تێدابوو، بێگومان دەسهەقیشم دیاری کرابوو، چەندە و چۆن و کەی پارەکە وەردەگرم. پرینتم کرد. ئیمزا. سکان. ناردن.

هەر هەمان ڕۆژ، ئیڤ گرووپێکی وەتسئاپی دروست کرد و سۆفی و منی ئاد کرد. لە کۆبوونەوەیەکی دەنگ و ڕەنگدا، خۆمان بە یەکتری ناساند. ئیڤ، خانمە ڕۆماننووسێکی بەناوبانگە بە ڕۆمانی

(١٩١٩)، چالاكڤانی بواری پەروەردەییشە. سۆفی بە ڕۆمانی (چارەی ئاو Water Cure) بەناوبانگە.
دوای گفتوگۆیەكی زۆر باش، نەک هەر ئەو كاتە، دوو جاری تریش لە دوو ڕۆژی جیاوازدا، لەسەر پێوەرەكان ڕێككەوتین. سێ پێوەرمان دیاری كرد: داهێنان (دروستكردنی جیهانی نێو ڕۆمانەكە، سەرنجڕاكێشیی چیرۆكەكە، واتە چۆنیەتیی گێڕانەوەكە)، ڕێكخستن (پوختی و كورتبڕی، وەسف لە شوێنی خۆی و بێ زیادەڕۆیی، تا چەند ڕووداوەكان تێک دەكەنەوە، تۆكمەیی و بێ شتی لا بە لا و زیادە)، زمان (ڕستەسازی، هەڵبژاردنی وشە، ڕێزمان، هەڵەی نووسین (ئیملا)، خاڵبەندی).

ئەم جۆرە پێشبڕكێیانە لە ئەمریكا و وڵاتانی پێشكەوتوو زۆرن. بۆ هاندانی گەنجان بۆ نووسینی داهێنەرانە، ساڵانە لەو جۆرە پێشبڕكێیانە، پیشەییانە لە دنیادا ساز دەكرێن.

لە نزیكەی سەت ئامادەیی لە شیكاگۆ، نۆهەت و نۆ ڕۆمان لە پێشبڕكێكە بەشدار بوون. ژمارەكە چاوەڕواننەكراو بوو. پێمان وا بوو هەر بیست، یان سی ڕۆمانێک دێ. لە خوێندنەوەی یەكەمدا، كە تەنیا بەشی یەكەممان لە هەر ڕۆمانێكدا خوێندەوە، كاتێ دادوەران لیستی ڕۆمانە خراپەكانیان خوێندەوە، ئەمن تۆزێک لە لیستەكەی خۆم ڕاڕا بووم. لە دڵی خۆمدا دەمگوت نەبادا لەگەڵ لیستی دوو دادوەرەكەی دی، جیاوازیی زۆر بێت، بەڵام دڵخۆش بووم، كاتێ دیتم لیستەكانمان زۆر لێک نێزیک بوون، پەنجا و چار ڕۆمانی زۆر خراپمان دەركرد.

دوای مانگێكی دی، لە خوێندنەوەی دووەمدا، كە سێ بەشی یەكەممان لە هەر ڕۆمانێكدا خوێندەوە، بیست و نۆ ڕۆمانی دیمان دەركرد، كە بە پێی ئەو پێوەرانەی سەرێ، ڕۆمانی خراپ بوون. شازدە ڕۆمان چوونە لیستی درێژ (long list). دوای مانگێكی دی، لە خوێندنەوەی سێیەمدا، كە پێنج بەشی یەكەممان لە هەر ڕۆمانێكدا خوێندەوە، لیستی كورت (short list)مان هەڵبژارد كە هەشت ڕۆمان بوو. لە خوێندنەوەی چوارەمدا، كە هەر هەشت ڕۆمانمان بە تەواوی خوێندەوە، ڕۆمانێک بە ناوی كلێیۆ یەكەم بوو، كە باوەڕمان نەدەكرد قوتابییەیلی پۆلی یازدە نووسیبێتی. زۆر باش بوو. دووەم و سێیەمیشمان هەڵبژارد.

بۆ من ئەزموونێكی پیشەیی و دەوڵەمەند بوو، زۆر شتی لێوە فێر بووم. هەندێكیان ئەمانەن: یەک، بوون بە لیژنەی دادوەر لەخۆڕا و لەگۆترە نییە. لە كۆی زیاتر لە بیست كەسی دیكە لە ناوچەی جیاجیای ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا، ئەمنیان هەڵبژارد، ئەویش دوای دیمانەیەكی یەک سەعاتی لەسەر ئەزموونی ئەدەبی و ڕەخنەیی و كارەكانم. دوو، هەڵبژاردنی ڕۆمانەكان لەسەر بنچینەی پێوەرەكان و هونەری نووسینی ڕۆمان بوو، نەک لەسەر بابەتی ڕۆمانەكە. ئەوە پێوەرەكان لەسەرێ دیارن. سێ، زمان زۆر گرنگە، نەک ڕستەسازی و وشەسازی، تەنانەت هەڵەبڕیش. لای خۆمان نووسەر هەیە دەڵێ، ئەو شتانە كێشەی ئەو نین. چار، بەڕێوەبردنی كارەكە هەمووی بە ئیمەیڵ و ئۆنلاین بوو، كەچی ڕێكوپێک و بێ كێشە تەواو بوو. پێنج، گۆڕینەوەی بیروڕا لە نێوان دادوەراندا لە لووتكەی پیشەیی و مەدەنیەتدا بوو. كەس خۆی لەسەر ئەوی دی نەدەسەپاند. شەش، ڕێكخەرەكە بە هیچ جۆرێک دەستی لە ئیشی دادوەران وەرنەدەدا. بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان دەدا، ئێمە لە پرۆسەكە دڵخۆش و ئاسوودە بین.

پێشنیار دەكەم بۆ كەرتی تایبەت و گشتی (ڕێكخراو، سەنتەر، كۆمپانیا، حكوومەت، تاد)، هەر كاتێک هەر جۆرە پێشبڕكێیەک ساز دەكەن، تكایە با لەسەر بنچینەی پیشەیی بێت، دوور لە برادەرایەتی و خاترانە و ناوچەگەرێتی، ئەگەرنا، لەباتی سوود، پێشبڕكێكە زیانی دەبێت. زۆریش.

هەروەها پێشنیار بۆ گۆڤاری ڕامان دەكەم، ساڵانە پێشبڕكێ بۆ ڕۆمان ڕێک بخەن. حەیفە لە كوردستان خەڵاتی ڕامان نەبێت. دەتوانن مانگانە، یان شەش مانگ جارێک بۆ كورتە چیرۆكیش پێشبڕكێ ساز بكەن. بەوپەڕی متمانەوە لە ڕامان ڕادەبینم، بۆیە ئەم پێشنیارانەی بۆ دەكەم (١).

**(١) زۆر سپاس بۆ ئەو تێڕادیتن و پێشنیار و متمانەیە. (ڕامان)**